کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
1-3-2007 22:49 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ژەهرخواردکردنی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆج ئالان بەتوندی شەرمەزار دەکەین ... مەکتەبی سیاسی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

ڕۆژی (2007/3/1) پارێزەرانی بەڕێز "عەبدوڵلا ئۆج ئالان" مەحمود شاکار و عیرفان دووندار لەڕۆمای پایتەختی ئیتالیا ڕایانگەیاند کە بەشێوەیەکی سیستەماتیك لەرێگەی خواردن و خواردنەوە بەڕێز "ئۆج ئالان" بەهەردوو ماددەی (کرۆم و سترۆنیسیۆم) ژەهرخوارد کراوە و ئێستا باری تەندروستی باش نییە و ئەگەر لەماوەیەکی کورتدا فریای نەکەون، ئەوا ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە. وەکو پارێزەرەکان ڕوونیانکردەوە بەهۆی لێکۆڵینەوە لەسەر چەند تاڵەموویەکی سەری بەڕێز "ئۆج ئالان" لەلایەن تاقیگەیەکی پێشکەوتووی ئەوروپاییەوە ئەمەیان بۆ ئاشکرا بووە.

ئێمە وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان (چپدك) . ئەم کارە دزێوە شەرمەزار دەکەین و حکومەتی تورکیا بەرپرسیار دەبینن لەبەرامبەر ئەم ڕووداوە، چونکە بەڕێزیان بەندکراوە و لەژێر چاودێری توندی دەوڵەتی تورکیادایە، تەنها هێز و لایەنێك کە بەئازادی دەتوانن بگەنە بەڕێز "ئۆج ئالان" هێزەکانی دەوڵەتی تورکیان. هەر بۆیە تەنها ئەم هێزانە بەرپرسیارن لەبەرامبەر ئەم ڕووداوە، جا هەموو دامودەزگاکان بەیەکەوە ئەم کارەیان ئەنجام دابێت، یان لایەنێك ئەو زۆر گرنگ نییە، بۆیە تەنیا و تەنیا دەوڵەتی تورکیا بەرپرسیارە لەبەرامبەر ئەو کارەدا و پێویستە دەزگاکانی دەوڵەت سەبارەت بەم بابەتە هەڵوێستی خۆیان نیشانبدەن. هەروەها پێویستە بەزووترین کات ڕێگە بدەن کە پسپۆرانی بێ لایەنی نێودەوڵەتی بچن بەڕێز "ئۆج ئالان" لەڕووی تەندروستییەوە بپشکنن و ڕێگە لەبەردەم خراپتربوونی باری تەندروستی بەڕێزیاندا بگرن.

داوا لەسەرجەم پارت و ڕێکخراو و کەسێتی بەشەرەفی کوردستان دەکەین کەخاوەنداری لەبەڕێز "ئۆج ئالان" بکەن و هەڵوێست نیشانبدەن لەبەرامبەر ئەم بارودۆخەدا و داواش لەحکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی تەندروستی و مافی مرۆڤی کوردستان دەکەین کە وەك هەڵوێستێکی نەتەوەیی و مرۆیی شاندی خۆیان بنێرن بۆ پشکنینی باری تەندروستی بەڕێز "عەبدوڵلا ئۆج ئالان". هەروەها بانگەوازی دەکەین بۆ دروستکردنی کۆمیتەیەك لەباشووری کوردستان بۆ خاوەنداریکردن و پاراستنی تەندروستی بەڕێز "ئۆج ئالان".

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان

بەڕێز "عەبدوڵلا ئۆج ئالان" وەکو بیرمەندێکی مەزن و ڕێبەرێکی سیاسی ژیانی خۆی پێشکەشی گەلەکەی کردووە و دۆست و نەیار گەواهی ئەوە دەدەن کە شۆڕشێکی بوژاندنەوەی نەتەوەیی و هۆشیاری دیموکراتی بەرپاکردووە و ڕۆژانە ئاستی ئەم شۆڕشە بەرزتردەبێتەوە و دەوڵەتی تورکیاش کە خاوەنی ئایدیۆلۆژیای تۆرانییە و نکۆڵی لەهەبوونی کورد دەکات، ئەم کارەی بەڕێز "عەبدوڵلا ئۆج ئالان" بەگەورەترین تاوان دەبینێ و لەبەر ئەمەشە کە یاساکانی خۆشی پێشیل دەکات و لەکاتێکدا یاساکانی ڕێگا بە لەناوبردنی بەڕێز "ئۆج ئالان" نادات، ئەوا دەخوازن بەشێوازی نهێنی و دوور لەهەموو پێوانەیەکی مرۆیی و ئەخلاقی بەڕێز "ئۆج ئالان" لەناو ببەن

خاوەنداریکردن لە بەڕێز "ئۆج ئالان" ئەرکێکی نەتەوەیی و مرۆیی و ئەخلاقییە و داوا دەکەین کە بەچالاکی دیموکراتی ئەم کردەوەیە شەرمەزار بکەن و داوای ئەوە بکەن کە تەندروستی بەڕێز "ئۆج ئالان" بخرێتە ژێر چاودێری نێودەوڵەتییەوە و بێگومانیشین کە هەڵوێستی جەماوەر ڕۆڵێکی چارەنووسسازی دەبێت.

مەکتەبی سیاسی
پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان
2007/3/1

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.